التحاد العام اللاجئين العراقيين
THE INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES

# بڕیاری ڕاگرتنی مەلەفی پەنابەرانی کوردوعیراقی لەلایەن ولاتانی ئەوروپاوە پشتگیری کردنە لەسیاسەتەکانی ئەمریکاو حکومەتی میتاریستی ئایندە لەعیراقدا!

هەزاران پەنابەری کوردو عیراقی لە سالێکەوە تا ٥ سالّ و ٦ سال لە زۆرێگ لە ولاتانی ئەوروپا لە چاوەڕوانیدا هێلّراونەتەوە بە بەهانەی بوونی ئەمنیەت لە کوردستانی عیراق.

ئەمە لە کاتیکدا کە بەهۆی نائینسانی بوونی ئەو باردوخەی کە پەنابەرانی کوردو عیراقی بە گشتی تێکەوتووە لەم ولاتانەتدا کار بەدەرکردن لەکەمپەکان بێ بەشکردنیان لەهەر جۆەر بیمەیەکی بیکاری و بیمەی دەرمانی و هەر جۆرە بیمەو خزمەت گوزاریەکی تر، هەر بۆیە لەم سالانانەدا دەیان پەنابەری کوردو عیراقی پەنایان بردودە بە خۆکوشتن ئەمە جگە لەوەی کە هەزاران پەنابەری عیراقی بەهۆی نائەمنی ڕیگەوبانەوە لەگەشتی و دەریاو سنوورەکاندا گیانیان لەدەست داوە.

ئەمرۆ پاش بەسەربردنی دەوەرانێکی تالّی لەچاوەرانی بەسەربردن لەکاتێکدا کەعیراق بە دەورانی خۆیناویترین شەڕو کوشتارو ویرانکاری تێ دەپەڕێت لە کاتێکدا کەهێشتا خەلّکی عیراق لەنیو ئاگری شەڕوکوشتاردا لە پەلەقاژەی مەرگدا ژیان بەسەر دەبەن ومەترسی شەڕی نیوخۆ، هەڕەشەی برسیەتی، دەیان پەتاو نەخۆشی و مرگی بەکۆمەل هەڕەشەیان لیّ دەکات وە هیچ تروسکە بۆ ئایندەیەکی ئینسانی بەدیناکریت وهیشتا سێبەری عیراقێکی ئاسایش و ئارام لە خۆزگەو خەن و خەیالێك زیاتر تێناپەریت ، دروست لەم کاتەدا زوریك لە ولاتانی ئەوروپا وەك بەریتانیا، سوید، نەرویج، دانیمارك، فنلاند بڕیاری ڕاگرتنی مەلەفی پەنابەرانی عیراقی دەدەن بە ئومێدی ئەوەی کە لە ئایندەیەکی نادیاردا بە دور لە هەر ویست و ئارەزویەکی خۆیان دیپورتیان بکەنەوە بۆ کۆمەلگایەك کە ڕووداوەکانی ئەم ڕۆژانە تیدا بووتە جێگەی نیگەرانی بەشەریەت!

بیهێنە بەرچاوی خۆتان لە کاتێکدا کە هەزاران پەنابەر پاش چەندین سالّ چاوەڕوانی ولەگەرماو گەرمی گەورەترین ئەزمەی ژیانی هەریەك لەم ئینسانانەدا بەهۆی شەڕو دلەڕاوکەی بێ هەوالّی ئازایزانیان، ڕووبەڕووی بڕیاری گەرانەوەبن بۆ کۆمەلگایەك کە لەم رۆژانەدا دەیان وسەدان هەزار ئینسان تیدا ئاوارە بوون، ئایا زەرەیەك ئینسانیەت لەم بریارەدا بەدی دەکرێت ؟

فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی سەراباری بەتوندی ناڕەزای دەبرینی تەواوی دژ بەم بڕیارە نائینسانی یەی ئەم ولاتانە هاوکات داوا لە هەموو حیزب و ڕێکخراوە چەپ وکریکاری وئینسان دۆستەکان و بەرەی دژی شەر دەکات کە بەتوندی لە دژی ئەم سیاسەتە نا ئیسنانی یەی ئەم حکومەتانە بووەستنەوەو بە نارەزای دەربرینی خۆیان پەیامی هاوپشتی و هاودەردی خۆیان بۆ پەنابەران و خەلکی عیراق بەگشتی دەربرن !

سکرتاریەتی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی
٢٠٠٣ / ٤ /١٠

Address: PL 3
Fax : 00 358 9 2419493
fediraq@welho.com
00391 Helsinki - Finland

www.kurdistannet.org کوردستان نێت